شیعر



ئیسماعیل کەریم

# لە بێ مەیلت قەت خۆش نابم



بڕوا ناکەم پشکۆی حەزم جارێکی تر
لە کوانووی بەر رەشمالی ئەوینی تۆ
لەم کوێستانی غوربەتەدا گەشبێتەوە
مادامێ وا
نامەیەکی چاو بە خوێنی دڵ پڕ گرین
ساڵێک تەمەنی تێ پەڕی و
بۆ جارێکیش نەتخوێندەوە
لە هەچ کات و شوێنێکدا بوو
کە گوێبیستی دەنگت دەبووم
هەر ئاخ بوو دەبوویە ئۆخەی
بە ئومێدی گوڵی سوور بووم
لێم وەربگری و
لە یەخەی جوانی خۆت بدەی
وام دەزانی

که تۆم هەبی لەم ژیانە
هەرگیز ڕێ بە گریان نادەم
چاوانم بە ئەشک سوور کا
نیگاری جوانی روخسارت
که ساڵێکه له گلێنەم هەڵگرتووه
هێند بە ئاسان لە چاوانمدا دەربکا
کێ وەکو من
فەرشی دڵی بۆ پێشوازیت بە خەندەوە بۆ ڕاخستی
کێ وەکو من
ساڵێ تەمەنی غوربەتی بە تەنافی چاوەڕوانی تۆ هەڵخستی
نامەیەکم نەما تیایدا بۆت نەنێرم
حەسرەت و ژان ڕەنگی سپی ڕەش نەکردبێ
خۆ شەوێکیش نەبوو تەنیا سەری کاسم
شارە مێرووله‌ی یادی تۆ نەیورووژێنێ
هەتا بەیان گڕ بەرنەدەن لە دوو پرچی تاریکی شەو
خەو لە چاوم ناتارێنن هەتاکو دوا قۆناخی شەو
ئێوارەیەکی خەمگین بوو که ناسیمیت دەرویش ئاسا له زکردا
چاو بە تەم و دڵ پڕ خەم بوویت لە چیرۆکێکی کوێردا
له شەوێکی زۆر خامۆشی دووروردرێژی نەبڕاوەی
ماڵە تاک و تەنیاکەمدا
ئولفەتم گرت بەو هەناسەی
دەرچوو لە سینەی پڕ ئاهت لە سیمی تەلەفونمدا
ئەم ئێستاکه
بۆم دەنووسیت ئولفەت بە منەوە مەگرە
چنگەڕنی لە کێوی بێستونم ببڕه
تازه پاش چی؟

لەم بەهاری تەمەنەمدا
گەڵایەکت بە شۆڕەبی بەژنی سەوزم نەهێشتەوە
ساڵێکی پڕ چاوەڕوانی و نیگەرانیم
حەسرەتێکمە
قەت لە مێژووت نابێتەوە
لێت خۆش دەبم کە هەر نەتهێشت
لەم فەسڵی گوڵ بارانەدا
گوڵێکی سوور یادگارمان بێت
خەونی جوانی ئەرخەوانیم
لەم ساڵی چاوەڕوانییەمدا
پرشنگی نیگای حەزێکت
لە ئامێزی خۆی بگرێت
لێت خۆش دەبم کۆشکی ئاوەدانی دڵمت
بە تەنیایی و غوربەت سپارد
ئاوات و حەزی یەک ساڵەم
بە بەرچاوی خەڵک و خواوە
بۆ گۆڕێکی تاریکت نارد
لێت خۆش دەبم لە جێی خەندە و سۆزی عەشقێ
دڕکەزیت لە نێو دڵم نا
ئەو نەمامەت بڕییەوە بە ئەشکی سووری چاوانم
ئاوی چوار وەرزەی ساڵیم دا
لە هەموو شتێکت خۆش دەبم
بەڵام هەرگیز
لە بێ مەیلی یەک ساڵی ئەم چاوەڕوانییەت
قەت خۆش نابم
لە کوێوە هاتی؟ نازانم



چۆن بە بێ پرس دەروازەی ئەم دڵە شێتە و
سەرە جەنجاڵەمت کردەوە
چۆن وا ئاسان لە پایتەختی ئەم وێرانەم
ئەم کەلاوە چۆڵەوانییەم
بارگە و هەوارت خستەوە
خۆ ساڵانێ زۆرە گوڵم
گوڵە سوورەکانی تەمەن
لەبەر رەشابەی غوربەتدا هەڵوەرین بۆ دیدارێکت
من چیم هەبوو بیدەمە تۆ؟
تەنیا گریانی شەوانێ
یان دڵێکی وێرانە ماڵ
لاشم روون بوو نەدەبوونە سارێژکەری برینێکت
وەک دەروێشێ لە وەسوەسەی خەڵوەتێکدا
لە تەکیەی نیگایەکتدا زکرم دەکرد
هێند بە ئاسان ئەم دەروێشە بە وەفایەت
بۆ لە کۆڕ و
لە خەڵوەتی زیکری شەوانی تەکییەت کرد
ئەی پێم ناڵێی ئەم ئێستاکە
ئەو هەموو نەورەسی عیشقەم
لە دەریای چاوە سەوزەکەت بۆچی تۆران؟
مەگەر ئەم چاوانە نەبوون
بۆ نەخۆشی و ئازارێکت
لەسەر چرپای هۆتێلێکی ئەم غوربەتەت
لە دوورەوە
سیروانێ ئەشکیان باران
چی بەو یادگارییانە دەڵێی سەرەتای ئەوینێکمان بوو؟

**ئەم ئێستاکە لە دڵڕەقی و لە بێ مەیلت**
**هەمووی سووتان**
**هەموو خەونم هەر بۆ تۆ بوو لە هەرچوار  وەرزەکەی ساڵدا**
**کەچی یارێ**
**سەد جار کەوتمە شەرای مەرگ و**
**ئاورێکت لێ نەدامەوە**
**خەمی فیراقی ئەم دوورییەت**
**دەلێنێ(*) ئەشکی پێ رشتم**
**بۆ جارێکیش نەهاتی بە هانامەوە**
**گەر پرشنگی چاوەکانت لێم گەڕابا**
**گەر هەناسە و سۆزی دەنگت نەبادا با**
**بۆ  خۆم لەبەر تافگەی سپی ئەم عەشقە سەرابییەی تۆدا دەشۆردەوە**
**بۆ رابردوو ئایندەشم هەر بەتەنیا بە قەدەری ئەم ئەوینەت دەبەستەوە**
**هەموو شەوێ تا کازیوە وەک نالی لە غوربەتەوە**
**بە بای سەبا چەند هۆنراوە و**
**نامەی چاو بە خوێنم بۆت نارد**
**سەرئەنجامیش لە جێی سۆز و وەفا و ئەوین**
**چاوەڕوانیت وەک خەزانێک تاڵە تاڵە قژی رەشمی**
**سپی سپی لێم هەڵوەراند**

---

(*) جۆگەی دەلێن لە خاک و خۆڵی- شارەزوور

ئەڵمانیا